Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C29

# بەراوردی جێناوی کەسی سەربەخۆ و لکاو ، لە نێوان زاری سۆرانی و لوڕیدا

تارا عبدالله سعيد قادر

بەشی زمان کوردی، کۆلێژی زانست، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

زار، شێوەزار، جێناوی لکاو ، جێناوی سەربەخۆ، رەسەنایەتی

**Corresponding Author**

**پوختە:**

زارەکانی زمانی کوردی ، بەوزارانە دەوترێت کە هەمویان ریشەی کوردییان هەیە و لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان ، قسەیان پێدەکرێت ، بەهۆی نەبونی زمانێکی ستاندردی کوردییەوە . بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەنەبێت کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکرابێت ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆریش تیشکیخراوەتەسەر کەواتە مەبەست لە هەڵبژاردنی هەمان بابەتە تەنیا ئەوەیە کە تەنیا خالیک پیشتر ئاماژەی پێنەکراوە ، لەم لێکۆڵینەوەیەدا ، رونبکرێتەوە ، ئەویش ئەوەیە ، دوزاری سۆرانی و لوڕی ، بۆ جیاوازییان لە نێوەندا دروستبوە بە شێوەیەک، کە تا رادەیەکی زۆر لە بواری جێناوە لکاوەکاندا لەیەک دورکەوتونەتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە گەرۆک و زمانەوانانی کورد و ناکوردەکانی گەیاندۆتە رادەیەک کە بۆچونێک لایاندروستبێت کە بڵێن : زاری سۆرانی و زاری لوڕی ، سەر بە یەک زمان نین ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ هەمو میلەتێک کارەساتە ، ئینجابۆ میلەتی کورد ، زۆر کارەساترە ، چونکە گەورەترین میلەتی بێدەوڵەتە .توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە دو بەشدا و بە پەیرەوکردنی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی کار لەسەردیاریکردنی جیاوازی نێوان زارەکوردییەکان ، بکات و چۆنییەتی نزیککردنەوەیان لەیەکتر دیارییکات .

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( بەراوردی جێناوسەربەخۆ و لکاو ، لەنێوان زاری سۆرانی و لوڕیدا ) مەوە ، کار لەسەر ئەوە دەکات چۆن زارەکانی زمانی کوردی لەیەک نزیکبکەینەوە تاکو ئامادەبن بۆ دروستکردنی زمانی ستاندەردی کوردی تایبەت بە خۆمان کە خەونی هەمو کوردێکە و یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە داهاتویەکی نزیکدا ، پشت بە یەزدانی مەزن .

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە : بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە دیاریکردنی جێناوە کەسییەکانی سەربەخۆ و لکاو لە زمانی کوردیدا ، بەتایبەتی زاری سۆرانی و زاری لوڕی .

هەرچی بەشی دوەمە ، تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکانی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان و لکاوەکان ، لە نێوان هەردو زارەکانی سۆرانی و لوڕیدا ، پاشان بەپێی بەڵگە بزانین کامیان کۆنترە لە کامیان ، تاوەکو دواتر پێشنیاز بکرێت کامیان لە زمانی ستاندەردی دوارۆژدا رەچاو بکرێت ، باشترە و بۆچی ؟ . دواتر ئەنجامەکان و پێشنیازەکان ، خراونەتە رو .

## بەشی یەکەم :

### زمان و زار :

هیچ زمانێک نییە لە جیهاندا ، لە چەند زارێک پێکنەهاتبێت .زمانی کوردیش وەک هەمو ئەو زمانانە لە چەند زارێک پێکهاتوە .

مێژوی سیاسی و کلتوری گەلی کورد ، لە قۆناغە هەرە کۆنەکانەوە تاکو ئەمرۆ لە لاپەرە مێژوییەکانی گەلی کورددا تۆمارکراوە . کوردستان وەکو جوگرافیایەکی نەتەوەیی لە کۆنترین قۆناغەکانییەوە ، لە سەردەمی پێش مێژووەوە تاکو سەردەمی مێژویی ، بەردەوام گۆڕانی بنچینەیی لە کلتور و شارستانییەتدا بەخۆیەوە بینیوە ، ئەمەش کۆمەڵێک ئاڵۆزیی لێکەوتوتەوە ، یەکێک لەو ئاڵۆزییانە بەسی لوڕەکانە .

باسی لوڕ یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویستی بە رونکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەیە ، چونکە بۆچونی جیاجیا هەیە سەبارەت بە کوردبونیان . لوڕ لە شەرەفنامەدا ، لە روانگەی شەرەفخانی بەدلیسی و محەمەد ئەمین زەکی بەگەوە پێکهاتەیەکی گەورەی کوردن ؛ لەکاتێکدا هەندێک لە مێژوناسە فارسەکان بەبەشێک لە فارسیان دادەنێن ؛ و هەندێکیش لە لوڕەکان خۆیان ؛ خۆیان بە میللەتێکی سەربەخۆ و ئامۆزای کورد دەزانن ؛ لەپاڵ ئەمانیشدا زۆرینەی لوڕەکان دەزانن کە کوردن و دانیپێدا دەنێن .

(کرزون) ی ڕۆژهەڵاتناس لە ساڵی(١٢٩٨) ی هیجیریدا لەسەر ژمێرێکدا دەڵێت : ژمارەی لوڕی گەورە و بچوک واتە دانیشتوانی (پشتکۆە) و (پاشکۆە) ؛ (٤٢١) هەزارن ؛ لەمانە (١٧٠) هەزاریان بەختیارین و (١٤٠) هەزاریان کۆگلوین و (٢١٠) هەزاریان فەیلین . (١) فوئاد حەمە خورشیدا ؛ لوڕ :- دانیشتوانی هەرێمی باشوری کوردستانی ئێران(١)

-کەلێنی جۆراوجۆری و جیاوازی لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا هەرچەندێک بێت ؛ نابێتە هۆی ئەوەی هەندێکیان لە ڕەسەنە کوردییەکەی دابڕرێت و ناشبێت بکرێتە بیانو بۆ کوێرکردنەوەی ڕەسەنایەتی زمانەکە . ئەوانەی بە دیالێکتە جیاجیاکانی کورد دەدوێن ؛ دان بەوەدا دەنێن ، کە هەمویان یەکزمانن و زمانەکەشیان زمانی کوردییە ؛ و بەو هۆیەشەوە دەستبەرداری نەریت و کلتوری خۆیان نابن و هەست و دەرونیان لەگەڵ ئەو یەکێتیەیە و دانانی جیاوازی لە نێوانیاندا و لەیەکدابڕانیان لە لایەنە جیاوازەکانەوە ؛ بەهیچ شێوەیەک ئەنجامیان نابێت.

ئەم گیرو گرفتانە کە بەهۆی زۆری دیالێکت و بەشە دیالێکتەوە ؛ هاتونەتە ڕێگەی کورد ؛ توشی زۆربەی زمانەکانی تریش هاتون و ژمارەیەکیان تاکو ئێستاش هەر بەدەستیانەوە دەناڵێنن ، بۆ نمونە : زمانی ئینگلیزی کە زمانێکی جیهانییەو زمانی ئەڵمانیش ئەم جۆرە کێشەیەیان هەیە : ئەو دیالێکتەی لە باکور و ناوەڕاست و باشوری

بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کەنەدا و چەندین وڵاتانیتر لە دەرەوەی بەریتانیا زمانی ئینگلیزین بەڵام هەمویان شێوە دیالێکتی جیاوازن و هەندێکیان زۆر دوریشن لە (          ) ئینگلیز ستانداردەکە ؛ دیسان وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ؛ زمانێکی زەبەلاحی وەک زمانی ئەڵمانی یان ( جێرمانی) بەچەندین دیالێکت و شێوە دیالێکتی جیاواز هەر لەناو ئەڵمانیا و سویسرا و چەند ناوچەیەکیتر ؛ بەکاردەهێنرێن.

هۆکارەکانی نەبونی زمانێکی یاگگرتو لە ئاستی نەتەوەییدا ، دەگەڕێتەوە بۆ :

١-هۆکاری ڕامیاری

دابەشبونی کوردستان لە نێوان چەند دەوڵەتی نەتەوەییدا ؛ یەکێک لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەیە .

٢-هۆکاری جوگرافی

فراوانیی پانتایی جوگرافیای کوردستان ؛ سروشتی شاخاوی ؛ ڕوباری پڕئاو ؛ سەرماو سۆڵەی درێژ خایەن  ئەمانەش ئاستەنگی تربون .

٣-ناوچەگەری و بەرژەوەندیی خێڵەکی ..

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە بووەتە هۆی لاوازی هەستی نەتەوەیی و دروستبونی کۆسپێکە لەبەردەم دارشتنی پلان بۆ سازدانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتو(٢)

زمان وەك كردەیەكی كۆمەڵایەتیو فیزیكی مێژوویەكی درێژە تیكەڵی هەڵسوكەوتو بیركردنەوەكانی مرۆڤ بووە، بەئەندازەیەك ناتوانرێت زمان وەكو چالاكییەكی ژیاریی و پەیوەندیكردن لەمرۆڤ جیابكرێتەوە، لەئەمرۆدا زانراوە كە تەكنەلوجیا رۆچۆتە تەواوی ژیانی كۆمەڵگاوە ئەستەمە بوارێك بدۆزیتەوەو ببینیت تەكنەلۆجیا كاری تیادانەكردبێت یاخود كاریگەری نەبووبێت، **سیستمی جی ئای ئێس** وەكو سیستمێكی پێشكەوتووی گەشەپێدراوی بواری تەكنەلۆجیا توانیویەتی لەزۆر بواردا وەكو سیستمێكی بەهێزی كۆكەرەوەی زانیاری بەپێی جوگرافیا كاربكات. لەسۆنگەی بڕوابوونمان بەگرنگی زمانی كوردی وەكو ناسنامەیەكی بەهێزی پاراستنی كیانی نەتەوەیی، بەگرنگ مانزانی دابەشبوونی شێوەزارو دیالێكتەكانی زمانی كوردی لەسەر نەخشەی هەرێمی كوردستان بەسیستمی جی ئای ئێس دیاریی بكەین بەشێوەیەك لەسەر ئاستی (پارێزگا، قەزا) زمانو شێوەزارەكان جیابكرێنەوە. وەكو كارێكی سەرەتا كەدەكرێت لەئاییندەدا زیاتر كاری لەسەر بكرێت.

زمانی كوردی، زمانێكی ڕەسەنە و سەر بەهێچ زمانێكی تری ناوچەكەنیە، هەر وەک زمانی فارسی زمانێكی سەربەخۆیە.زمانی كوردی بەشێكە لە زمانی هیندۆ-ئیرانی، ئیرانی كە لە وشەی یۆنانی ئیرانیاوە هاتووە. هیندۆ ئیرانی دەكرێتە بە سێ بەشەوە كە بریتین لە:

زمانی كوردی، زمانێكی ڕەسەنە و سەر بەهێچ زمانێكی تری ناوچەكەنیە، هەر وەک زمانی فارسی زمانێكی سەربەخۆیە.زمانی كوردی بەشێكە لە زمانی هیندۆ-ئیرانی، ئیرانی كە لە وشەی یۆنانی ئیرانیاوە هاتووە. هیندۆ ئیرانی دەكرێتە بە سێ بەشەوە كە بریتین لە:

زمانی كوردی، زمانێكی ڕەسەنە و سەر بەهێچ زمانێكی تری ناوچەكەنیە، هەر وەک زمانی فارسی زمانێكی سەربەخۆیە.زمانی كوردی بەشێكە لە زمانی هیندۆ-ئیرانی، ئیرانی كە لە وشەی یۆنانی ئیرانیاوە هاتووە. هیندۆ ئیرانی دەكرێتە بە سێ بەشەوە كە بریتین لە:

1. ئیرانیەكانی باكور.
2. زمانە ئیرانیەكانی باشور.
3. زمانە ئیرانیەكانی خۆرهەڵات.

بنچینەی زمانی كوردی دەگەڕێتەوە بۆیەكەمیان، كە زمانە ئیرانیەكانی باكورە. وە ئەم زمانە، كوردی، لە چەند دیالێكتێک پێكدێت، كە بەپێی شوێنی جوگرافیا جیاوازن.

دیالێكتەكان بریتین :

دیالێكتی كرمانی باكوور.

دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست،

دیالێكتی كرمانجی باشور

دیالێكتی گۆران

ئەم دیالێكتانە، سەرەكین كە هەر یەكەشیان بەپێی ناوچە، دیالێكتی تریان لێوە جیادەبێتەوە. ئەو دیالێكتانەی كە لەسەرەكییەكان دەبنەوە، دیالێكتی ناوچەیین، كە ئەمانەش بە پێی جوگرفیا دەگۆڕین، وە بریتن لە:

1. دیالێكتی كرمانجی باكور:
2. دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست،
3. دیالێكتی كرمانجی باشور.
4. دیالێكتی گۆران.

| دیالێکتی ناوچەیی | دیالێکتی سەرەکی |
|---|---|
| بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی رۆژئاوا | دیالێکتی کرمانی باکوور |
| موکری، سۆرانی، ئەردەلآنی، سلێمانی، گەرمیانی | دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست |
| لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک، کەلهوڕ | دیالێکتی کرمانجی باشور. |
| گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلآنی، زازا | دیالێکتی گۆران(٣). |

## بەشی دووەم :

### جێناو:

-جێناو ؛ بەشێکە لەبەشەکانی ئاخاوتن کەلە جێگەی ناوی کەسێک یان شتێک دێت.

- جێناوی کەسی سەربەخۆ :

ئەو وشەیەیە ؛ کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە جیاتی ناوێک بەکاردێت لەناو ڕستەدا ؛ جا ناوەکە تاک بێت یان کۆ ؛ جێناوە سەربەخۆکان لە ڕستەدا پێویستیان بە هیچ وشەیەک نیە پێیانەوە بلکێنرێت ؛ بۆیە پێیاندەوترێت ؛ جێناوی سەربەخۆ .

| ژمارە | کەس | جودا |
|---|---|---|
| | ١ | من |
| تاک | ٢ | تۆ |
| | ٣ | ئەو |
| | ١ | ئێمە |
| کۆ | ٢ | ئێوە |
| | ٣ | ئەوان |

_ من هەرگیز بە ستەم رازینابم .

_ تۆ من ئەناسیت .

_ ئەو لە دالآنەکە نوستبو .

_ ئێمە دوێنێ رۆیشتین بۆ هیولێر .

_ ئێوە خۆتان هەموشتێک لە من چاکتر دەزانن . _ ئەوان لەگەڵمان هاتن .

لە زاری سۆرانیدا تەنیا یەکجۆر جیناوی کەسی سەربەخۆ هەیە کە لە دۆخی کارایی و دۆخی خاوەنیدا ( تملک ) بەکاردیت .

جێناوی کەسی جودا لە زاری لوڕیدا ، بەم شێوەیەی خوارەوەیە : _

| ژمارە | کەس | جودا |
|---|---|---|
| | ١ | مە |
| تاک | ٢ | تو |
| | ٣ | ئەو |
| | ١ | ئیمە |
| کۆ | ٢ | ئیوە |

| | | |
|---|---|---|
| | ٣ | وان |

_ مه له تەنگانە ئەرەسمەپید .
_ ئەرا تو مه ناناسید ؟
_ ئەو دو چاو دێرێ ، چو پیاڵەی چینێ .
_ ئیمە ساین خور لامان ئەدا .
_ ئیوە میوان مەن .
_ داڵگ و باوگ ، مایەی زاوزرێن ، وانیش لە دڵیان ناز و جێمێڵن .
ڕاناوی کەسی لکاو :

- (م) کەسی یەکەمی تاک : هاتم چگم ، بخەفم (هاتم ، چووم ، بنوم)
- ئەراپەڵ پوڵ دام تا کورم لە ماڵەیل نەخەفێگ ( بۆیە پارەم دا ، تاکو کورم لە ماڵان نەنوێت)
- ترسم بمرم لە لیم بچد زور ، زرەی خاک و بێل زەینم بکەد کوور.
- ئەگەر بویمە وەوی ، زانم چون نیشم . (ئەگەر ببمو بووک دەزانم چۆن ڕەفتار دەکەم.)
- (ێ ،ید،یت) کەسی دووەمی تاک: ( شەرم بکردای ، گردید ، چریت)

(شەرمت بکردایە ، کردت ، بانگت کرد)

- تا نەکیشی جەفا ، نیە دونی صەفا . ( تا ماندوو نەبیت ، خۆشی نابینیت)
- لەم دی کاول بیە دانیشتگێ چەکەی ؟ (لەم دێیە کاول بووە دانیشتوی چی دەکەیت؟)
- میرزا ژن خیزانم وەت: ئەی کارە خەتاس میرزا نەکەی بکەید

(میرزا ژنی خێزانم وتی : ئەم کارە هەڵەیە ، نەکەیت بیکەیت).

- تو کە مردنت چارەی ئیران کەیت کارەت هەر ئیدەن ، توران و ایران کەیت
- ئەویت و کارمەن و لە پشت میز قەشەنگی کارکەیت.

(دەبیت بە فەرمانبەر و لە پشت مێزی جوان ئیش دەکەیت.)(٤)
ڕاناوی لکاوی کەسی دووەم لە سێ شێوەدا دەردەکەوێت وەک لە نموونەکانی سەرەوەدا دەیبینین.
٣.ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لەم زارەدا شاراوەیە ، لەدەمی ئێستای خەبەری و ئینشائی دا ( ێ) دەلکێنرێت بە ڕەگی کارەوە کە بەلای هەندێ زمانەوانەوە ئەمە ڕاناوی لکاوە ، بەڵام کاتێک بەراورد دەکرێت لەگەڵ ڕاناوی کەسی یەکەم و دووەمی کۆدا لە دۆخی بەرکاردا ، ئەم (ێ)یە ئاوا دەبێت وەک لەم نموونەیەدا

خوەد : ئەخوات بخوەد: بخوات
دەود: ڕائەکات بدەود: ڕابکات

- ئارد پیەنگ وە تێوڵە و نیەوسێگ (ئاردی پیانگ بە ناوچەوانیەوە ناوەستێت)
- ئاگر بکە بە فێکە و تەڕ و وشک نەیرێگ. (ئاگر بکەوێتەوە ، تەڕ و وشکی لەلا نییە).

٤.(یم ، یمن) ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ :
دەویم : ڕامکرد دەویمن : ڕامان کرد
بکردایم : بم کدایە بکردایمن : بمان کردایە
ڕەبکەیم : ڕاوبکەین ڕەوکەیمن : ڕاو دەکەین

- خودایە کەی ڕەها بیم لە دەس ێ زاڵمە .

( خوایە کەی ڕزگاربم لە دەست ئەم زۆردارە)

- خوسەداری کردیمن ( خەفەتباری کردین)

ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی کۆ لە دو شێوەدا دەردەکەوێت وەک لە نموونەکانی پێشودا دەرکەوت.

٥.(ین) ڕاناوی لکاوی کەسی دوەمی کۆ:
چگین : چووین بچیاتاین : بچوینایە
دەوین : ڕامان کرد بجەنگین : بجەنگن
بواین : هەڵ بێن
ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ تەنیا لە یەک شێوەدا دەردەکەوێت.
٦.(ن) ڕاناوی لکاوی کەسی دووەمی کۆ تەنیا لە یەک شێوەدا دەردەکەوێت

- ئوشی سیفیگن و بویەوە دوو کوتەو. ( دەڵێی سێوێکن و کراون بە دوو کەرتەوە).
- دوو ڕێوی لە یەک کونا دەرچگن ، ئەگەکە (دوو ڕێوی لە کونێک دەرچوون ئەمیان بەوی تریانای وت:

وە ئەوەگە وەت : ها گێت سەن . بۆ کوێ دەچیت.)

ڕاناوە جوداو لکاوەکانی شێوەی فەیلی لەم نەخشەیەدا بە پێی کەس و ژمارە ڕونکراوەتەوە:

| ژمارە | کەس | جودا | لکاو | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | A1 | A2 | B |
| تاک | ١ | من / مە | م | م | م |
| | ٢ | تن / تە | یت / د | یت / ید | ت |
| | ٣ | ئەو | Ø | د | ی |
| کۆ | ١ | ئیمە | یمن / یم | یمن /یم | مان |
| | ٢ | ئیوە / ئوە | ین | ین | تان / دان |
| | ٣ | ئوان / ئەوان | ن | ن | یان |

- لەکاتی قسەکردنی ئاساییدا لەبەر ئاسانی گۆکردن / ت / دەبێت بە (د).
- ڕاناوەکانی نیشانەکردن بەپێی جۆرەکانی لەم نەخشەیەدا ڕونکراوەتەوە:

| | تاک | کۆ |
|---|---|---|
| نزیک | ئەیە / یە | ئەیانە |
| دوور | ئەوە | ئەوانە |

1. ئەیە / یە بۆ کەسی نزیکی تاک و شتی نزیک
   - ئەیە چەس ( ئەمە چییە؟)
   - یە ماڵمانە. ( ئەمە ماڵمانە.)
   - یە کوڕیگە . ( ئەمە کوڕێکە)
2. ئەوە : کەسی دووری تاک و شتی دوور :
   - ئەوە چەکوس کەفتگیکە ( ئەوە چ کۆست و کەوتوویەکە.)
   - ئەوە سواریگە . ( ئەوە سوارێکە).
3. ئەیانە / یانە : کەسی نزیکی کۆ و شتی نزیک :
   - ئەیانە قەومن ( ئەمانە قەومن)
   - یانە لە چە هۆزێگن. ( ئەمانە لە چ بنەچەیەکن)
   - ئەیانە مناڵ ئیمەن. (ئەمانە منداڵی ئێمەن).
4. ئەوانە : کەسی دووری کۆ و شتی دوور

ئەوانە دوێتن . (ئەوانە کچن)

ئەوانە کە لە تەک گیان و ڕوحی واژە و وێژە و وردەکاری زاراوەی لوڕی دا ناسیاون.

ڕاناوەکانی تەمەلوک (ز، ف) بەپێی کەس و ژمارە لەم نەخشەیەدا ڕوونکراوەتەوە.

| ژمارە | کەس | ڕاناوی تەمەلوک |
|---|---|---|
| تاک | ١ | م |
| | ٢ | ت / د |

| | | |
|---|---|---|
| | ٣ | ی |
| | ١ | مان |
| کۆ | ٢ | تان / دان |
| | ٣ | یان |

- دڵم بڕیاگە. ( دڵم پچڕاوە)
- داڵگم کەڵهڕییە. ( دایکم کەلهوورە)
- ماڵت هاله کوو ؟ (ماڵت لە کوێیە)
- کێ شایەتدە. ( کێ شاهێدتە)
- دەستی خوەش بود. (دەستی خۆش بێت.)
- ئومیدی هاوە کوڕەگانی . (پشتی بە کوڕەکانی بوستووە)
- ماڵمان ها لەی هەنازە . (ماڵمان لەم لایەیە.)
- دەستان خوەش بود . ( دەستان خۆش بێت.)
- کاردان چونە ؟ ( ئیشتان چۆنە؟)
- کاریان خووە. (ئیشیان باشە)
- دڵیان شکیاس. ( دڵیان شکاوە.)

٤.ڕاناوە خۆییەکانی ( ز ، ف ) لەم نەخشەیەدا بەپێی کەس و ژمارە ڕونکراوەتەوە:

| ژمارە | کەس | ڕاناوی خۆیی |
|---|---|---|
| | ١ | خوەم |
| تاک | ٢ | خوەت<br>خوەد |
| | ٣ | خوەی |
| | ١ | خوەمان |
| کۆ | ٢ | خوەتان<br>خوەدان |
| | ٣ | خوەیان |

- خوەم وە خوەمم کرد . ( زۆم بە خۆمم کرد.)
- وە کوچک ئەژنووی خوەت شکنید (بە بەرد ئەژنۆی خۆت دەشکێنی ، پەشیمان دەبیتەوە.) پەشیمان ئەویتەوە.
- وە قەوڵ کوردی یوشن : کوچک لە جییەی خوەی سەنگینە. (بە وسەی کوردی دەڵێن بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.)
- یەماڵ خوەمانە. ( ئەمە ماڵی خۆمانە)
- بەشەکە خوەتان بون. ( بەشەکەی خۆتان بین.)
- ئیوە بەین خوەدان بسازین . ( ئێوە لە نێوان خۆتان ڕێک بکەون)
- خوەیان زانن . ( خۆیان دەزانن)


هەموو جۆرە ڕاناوەکانی (ز ، ف) لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە:

| ژمارە | | | جود | | | لکاو | | نیشانەکردن | | | بوون | | خۆیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ١ | ٢ | ١ | ٢ | ٣ | | | م | | خوەم | |


| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١ | من | م<br>ه | م | | | | | ت | د | خوەت | خوەد |
| تاک | | ٢ | تن | ته | یت/ید/ی | د | | ئەیه<br>یه | ئەوە | ی | | خوەی | |
| | | ٣ | ئەو | | Ø | | مان | | | مان | | خوەمان | |
| کۆ | | ١ | ئیمه<br>یمه | | یمن / یم | | تان | | | تان | دان | خوەتان | خوەدان |
| | | ٢ | ئیوه | | ین | | یان | ئەیانه | ئەوانه | یان | | خوەیان | |
| | | ٣ | ئوان | | ن | | | | | | | | |

جوڵەی جێناوی لکاو :ئەگەر سەرنجی ئەم ڕستانەی لای خوارەوە بدەین لە بکەر و بەرکار پێکهاتوون ، دەتوانین بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ لەهەر سێ ڕستەیەکدا بە جێناوی کەسیی لکاو واتە نووسەک جێگیر بکەین و لە قاڵبی وشەیەکدا ( ڕستەی کورتکراوە) دابڕێژین(٥):


5. ئێمه ئەوان گرتیمن . (ئێمه ئەوانمان گرت)




6. ئێمه ئەوان دا گرتیمن . (ئێمه ئەوانمان داگرت)



7. ئێمه   ڕەسم ئەوان   گرتیمن   .   (ئێمه وێنەی ئەوانمان گرت)




دەبینین :

ڕستەی یەکەم – ڕۆنانی کاەکەی بنەڕەتییە

ڕستەی دووەم – ڕۆنانی کارەکەی دارێژراوە

ڕستەی سێیەم – ڕۆنانی کارەکەی لێکدراوە

بەپێی گۆڕینی کارەکە لە کاری بنەڕەتییەوە بۆ کاری دارێژراو یان لێکدراو کلیتیکی بەرکاری جێگۆڕکێ دەکات ، بەڵام ئەرکی ناگۆڕێت ، چونکە هەر دەستە جێناوێک کۆمەڵێک ئەرکی تایبەتی هەیە بەم شێوەیە:

١-گرت -یمن - ە - یان


بکەر          بەرکار





٢- دا - یان – گرت – یمن

٣-ڕەسم – یان – گرت – یمن

بکەر بەپێی کەس و ژمارەی خۆی جێناوێکی لکاو لە دەستەی یەکەم بە کۆتایی کارەکە دەبەخشێت و هەمیشە بەڕەگی کارەکەوە دەلکێت و جێگۆڕکێ ناکات ، بەمەش ئەرکی ڕێککەوتنی بکەری (نۆمینەتیف) دەبینێت ، بەڵام بە گۆڕینی ڕۆنانی کارەکە لەکاری بنەڕەییەوە بۆ کاری دارێژراو یان لێکدراو ، کلیتیکی بەرکاری لەدەستەی دووەم شوێنەکەی دەگۆڕێت و لە کۆتایی کارە بنەڕەتییەکەوە دەصێتە سەر پێشگری کارە دارێژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە ، ئەم دیاردەیەش بە(جێگۆڕکێ) ناودەبرێت . کە بریتیە لە بازدانی جێناوی لکاو بەسەر پلیکانەی پێشکارەکانی کرداردا ، کاتێک کەوا جێناو بێ چالاکی جێگۆڕکێ بوو دەلکێت بە ڕەگی کردارەوە کاتێک کەوا چالاکک بوو بەکەم پێشکار دەکات بەجێباز ، رووکاری ئەم دیاردەیە لەچەپەوە بۆ ڕاستە یان لە کۆتایی ڕستەوە بەوەی سەرەتای ڕستە. لەجێگۆڕکێدا رووخساری جێناوی لکاو ناگۆڕێت ، بۆیە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم لە چوارچێوەی فرێزی کایدا جووڵەیەکی چالاکیان هەیە و لەخانەی بنڕەتی خۆیانەوە بەرەو لای ڕاستی ڕەگی کاری ڕستەکە دەجولێن بەپێی ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕستەکەدا دێت . دەرکەوتنی جێناوە لکاوەکان وەکو (بکەر) و (بەرکار) لەگەڵ کاری بنەڕەتی دارێژراو و لێکدراوی تێپەڕ لەم وێنەیەداڕونکراوەتەوە.








دەشێ بەرکاری ڕاستەوخۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەرخەر بەجێناوی کەسی لکاو جێگیربکرێن بەم شێوەیە:
(١) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە بنەڕەتی بێ و بەرکاری ڕاستەوخۆ بەجێناوی کەسی لکاو جێگیر بکرێت ، ئەوا جێناوەکە لە دەستەی (B) دەبێت دەچێتە کۆتایی کارەکەوە . بڕوانە یاسای ژمارە ٣٠)

| |
|---|
| ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری + ە + کلیتیکی بەرکاری<br>لەدەستەی (A) لەدەستەی ( B )<br>یاسای ژمارە – ٣٠- |


بۆ نموونە :
کاری ڕابردووی بنەڕەتی :
تو ئەو خستید . (تۆ ئەوت خست )



کاری ڕانەبردووی بنەڕەتی:

ئەوان ئێمە بەن . (تۆ ئێمە دەبەن )





٢-ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە دارڕژراو یان لێکدراو بێ و بەرکاری ڕاستەوخۆ بەجێناوی لکاو جێگیربکرێت ، ئەوا جێناوەکە دەچێتە دوای پێشگری کارە دارڕژراوەکە یان بەشی یەکەمی کارە لێکدراوەکە . (بڕوانە ژمارە٣١)

| |
|---|
| پێشگری یا بەشی یەکەمی کار + کلیتیکی بەرکاری + ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری<br>لەدەستەی (B) لەدەستەی ( A )<br>یاسای ژمارە – ٣١- |

بۆ نموونە


کاری ڕانەبردووی دارڕژراو:

من پارەکە هەڵگرم . (من پارەکە هەڵدەگرم )




کاری ڕابردوی دارِژراو:

ئیمه ئیوه وەرەدایمن . (ئێمه ئێوەمان بەردا)




کاری ڕابردووی لێکدراو:


ئیمه ئیوه کلکردیمن . (ئێمه تۆمان نارد)




کلت کردیمن (ناردمانیت)
(کل) بەشی یەکەمی کار
(ت) کلیتیکی بەرکاری راستەوخۆ
(کرد) رەگی رانەبردوو
(یمن) کلیتیکی بکەری.

کاری ڕانەبردووی لێکدراو .

تو ئەوان وەخان کەید . (تۆ ئەوان بەخێو دەکەیت)





(٣) ئەگەر ڕۆنانی کاری ڕستەکە بنەڕەتی یان دارِژراو یان لێکدراو بێ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەخێناوی لکاو جێگیر بکرێت ئەوا جێناوەکە لەدەستەی (B) دەبێت و بەپێشبەندەکەوە دەلکێت.

بەڵام کاری (دان) ، ڕەسین ، وەتن) بێت ئەو جێناوە جودایەی کە لە دوای پێشبەندی (وە) دەردەکەوێ ئەگەر بەجێناوی لکاو جێگیر بکرێت ئەوا پێشبەندی (وە) دەبێتە جێگرە پاشبەندی (پی) و دەکەوێتە کۆتایی کارەکەوە . ( بڕوانە یاسای ژمارە ٣٢)


| |
|---|
| ڕەگی کار + کلیتیکی بکەری + ە + جێگرە پاشبەند + کلیتیکی بەرکاری |
| لەدەستەی (A) (پی) لەدەستەی ( B ) |
| یاسای ژمارە – ٣٢- |

بۆ نموونە:


ئیمە کتابەگە وە ئەوان دایمن. (ئێمە کتێبەکەمان بە ئەوان دا.)




ئیمە کتێبەکەمان دانێ　　　　ئیمە کتابەگە دایمنە پییان




ئیوە　　وە　　من　　ڕەسن.　　(ئێوە بە من دەگەن.)




ڕەسنەپیم

**ئەنجام :**

زۆربەی باوەڕۆکی ئەم بابەتە لە کۆمەڵێک سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ،دەقاودەق بێدەستکاری ، وەرگیراون ، واتە هیچیان نوسراوی نوسەری ئەم بابەتە نین ، هەربۆیە دەقەکان بەدرێژی و بێکورتکردنەوە گوێزراونەتەوە ،

ئەمەش بە هۆکاری مەبەستی سەرەکی نوسەرکراوە .مەبەستی سەرەکی نوسەر تەنیا ئەوەیە کە بە بەڵگەی زانستی ئەم ئەنجامەی خوارەوە بسەلمێنێت :

١-زمانی کوردی ، وەک هەمو زمانانی جیهان ، خاوەنی چەندین دیالێکت ( زار ) و شێوە دیالێکت و تەنانەت لەشێوە زار بچوکتریشە ، کە کەم تا زۆر جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە ، بەڵام هەر لەپێکهاتە گشتیەکانیاندا ، هەمویان هاوبەشن ، تەنیا لەچەند بوارێکی کەمدا نەبێت ، نمونەش جێگۆڕکێی جێناوە لکاوەکانە ، لەو شوێنانەدا کە لە لێکۆڵینەوەکەدا ئاماژەمان پێکردوە .

٢-پاش تیشکخستنەسەر چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ، بۆمان ڕونبوەتەوە کە زاری لوڕی ، زمانی ڕەسمی دەسەڵاتی ساسانییەکانبوە ، بۆ ماوەیەکی زۆر ، کەواتە بەپێی مێژو ، زۆر لەشێوەزاری سۆرانی کۆنترە ، هەربۆیە شێواز و دۆخی جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکان ، لەو زارەدا ڕەسەنترە و ڕاسترە لە ڕوی واتاییەوە ، چونکە لەهەندێک بەکارهێناندا ، بەتەواوی جێگۆڕکێی جێناوە لکاوەکان لەسەدا سەد ڕۆڵەکانیان بە پێی واتا پێچەوانەی یەکترن .

## پێشنیاز :

-ئەمڕۆ هەرکەسێک پسپۆری زمانی کوردی بێت ، هەستێت بە گەشتێک لە لوڕستانەوە بۆ شاری سلێمانی ، هەر شارێک و هەر شارۆچکەو گوندێک ،دەبڕێت ، تێبینی ئەوە دەکات کە هەر شارێک یان شارۆچکەیەک بەجێدەهێڵێت بۆ شاری دواتر بەرەو سلێمانی ، گۆڕڕانێک رویداوە بە جۆرێک کە وردە وردە زاراوە لوڕییەکان ، کاڵ دەبنەوە لەڕوی فۆنەتیک و داڕشتنەوە، بەشێوەیەک کە لە زاری لوڕی دوردەکەوێتەوە و لە زاری سۆرانی نزیک دۆبێتەوە ، هەربۆیە ئەچێتە ئەو باوەڕەوە کە زاری سۆرانی کاڵبوەوەی زاری لوڕییە .لەبەر ئەم هۆیانە ، پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە لە داهاتودا ،ئەگەر بڕیاردرا زمانی یەکگرتوی کوردی سۆرانی بێت ، ئەوا پێویستە لە بەکارهێنانی جێناوە کەسییەکاندا بگەڕێنەوە بۆ شێوازی زاری لوڕی ، کەدروستتر و رەسەنترە .

**پەراوێزەکان :**

١- خورشید ، فوئاد حەمە ، (١٩٨٢) ل ٢٠ – ٢١
٢- خورشید ، فوئاد حەمە ، (١٩٨٥) ل ١٠
٣- سەعید ، تارا عبدالله ، (١٩١٧) ل ٥
٤- اسماعیل ، زوێر بیلال ، (١٩٧٧) ل ٥٠
٥- امین ، وریا عومەر ، (٢٠٠٩) ل ١٥

## سەرچاوەکان :


ـــ سەرچاوە کوردییەکان :

١–ئەمین ، وریا عومەر ،(٢٠٠٩) ئاسۆیەکیتری زمانەوانی ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ،شەقامی گوڵان ، هەولێر .

٢–بەسیر ، د. کامیل حەسەن –موکریانی د.کوردستانی– بەهادین ،سادق (١٩٨٧ ) ،زارەکوردییەکان ( مدریە مطبعة جامعة صلاح الدین ) .

٣–سەعید ، د.تارا عبدالله ،(٢٠١٤ ) هەندێک لایەنی رێزمانی زاری فەیلی . چاپخانەی ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر .

٤–مینۆرسکی ، وەرگێرانی د. کەمال مەزهەر ، (١٩٧١) ،کورد نەوەی میدیاکانن ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ،بەغداد .

٥–عبدالله ، د. سەعید محەمەد ، (٢٠٢٣ ) ، فاکتەری ئەدەبی لە بە ستاندەردبونی دیالێکت لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی جیهان ، دەزگای زمانەوانی کوردی ،

٦–فەخری،د نەسرین و موکریانی ، د. کوردستان (١٩٨٢ ) ، رێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی ، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین .

٧–حسن ، فرهاد عزیز ،(٢٠٢٠ ) ، زمانی کوردی پەهلەوی ( فەیلی) زمانی فەرمی دەوڵەتی ساسانی یان شێوەزارێکی ناوچەیی .

٨–سەعید ، د. تارا عەبدوڵلا ، (٢٠١٧ ) ، لورەکان لای شەرەفخانی بدلیسی ،گۆڤاری زانکۆی سۆران ، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی زمانی دایک .

سەرچاوە عەرەبییەکان :

١–اسماعیل ،زبیر بلال ، (١٩٧٧ ) ، تاریخ اللغة الكردية . مطبعة الحوادث ، بغداد .

٢–حەمە خورشید ، فوئاد ،(١٩٨٥ ) دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکان ، ( حەمە کەریم هەورامی کردویەتی بە کوردی ) ، چاپخانەی ( افاق عربية ) ، بەغدا .

سەرچاوە فارسییەکان :

–اموزگار ، ژاله و تفضلی ، احمد (١٣٨٩ } ،زبان پهلوی ، انتشارات معین ، چاپ هفتم ، تهران .

وەسک ، غازی فاتیح ، (١٩٧٧) ، سیمای جیاکەرەوە ولایەنێک لە فۆنۆلۆجی زمانی کوردی ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر.
سەعید ، پ.ی.د تارا عەبدولا ، (١٩١٧) بەراوردی هەنێک لایەنی رێزمانی لەنێوان رێزمانی زاری فەیلی و کرمانجی ژوروداا ، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.
سەعید ، پ.ی.د تارا عەبدولا ، (١٩١٧) بەراوردی هەنێک لایەنی رێزمانی لەنێوان رێزمانی زاری فەیلی ، ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر.
ئەمین ، پ . ی وریا عومەر ، بەرگی یەکەم (٢٠٠٩) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، هەولێر.
ئەمین ، پ . ی وریا عومەر ، (١٩٨٧) ، رۆشنبیری نوێ هەندێ شیکردنەوەی فۆرمۆلۆجی ، ژمارە ١١٥، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی بەغداد
سایە ، نیعمەت علی ، (١٩٨٦) ، رۆشنبیری نوێ ، ژمارە (١١٢) ، الادوات القواعدية في لهجة الكهور ،کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی بەغداد.
خورشید، فوئاد حەمە خورشید ، (١٩٨٢) ، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ، چاپخانەی (أفات العربية) بەغداد.
بەشیر ، دکتۆر کامیل حەسەن + موکریانی کوردستان +ئامێدی ) سادق بەها ئەدین + هەورامی + حەمە ئەمین +(١٩٨٧) ( چاپخانەی زانکۆی سەڵآحەدین) ، هەولێر
اسماعیل ، زوبێر بیلال ، (١٩٧٧) تاریخ اللغه الكردية ، چاپخانەی وەتەن.